Kommunales
Integrationszentrum
Kreis Wesel



# قوتابخانە لە بەشی Wesel

راوێژکاری قوتابخانە بۆ
منداڵان و هەرزەکارانی تازە
کۆچکردووی


سۆرانی
Kurdisch (Sorani)

## هاریکاری تۆ لە شوێن


KREIS WESEL

بەشی Wesel- بەڕێوەبەری قەزا
خزمەتگوزاری پسپۆری 49ی یەکخستنەوە
لە کۆمەڵگای ناوچەیی
Reeser Landstraße 31
Wesel 46483

تەلەفۆن 0281 207 - 4242
فاکس 0281 207 - 674240
ئیمەیل students-welcome@kreis-wesel.de




کۆدی جی پی ئێس: 51° 39′ 53.9″ N 6° 36′ 30.2″ E

گواستنەوەی گشتی:
شەمەندەفەری هێڵەکانی RE 19a، RE 19، RE 5 و RE 49
تاکوو وێستگەی هێڵی ئاسنی Wesel
هێڵەکانی پاسی 63، 64 و 84 لە وێستگەی ئاسنی Wesel تاکوو
وێستگەی "Kreishaus".


Gefördert durch:

Ministerium für
Schule und Bildung
des Landes Nordrhein-Westfalen

Ministerium für Kinder, Jugend, Familie,
Gleichstellung, Flucht und Integration
des Landes Nordrhein-Westfalen



نیشانەی وێنەیی: Stadt Köln ©


## لیستەی کۆنترۆڵ

تکایە ئەم دۆکیۆمنتانەی خوارەوە لەگەڵ خۆت بێنە:

- ☐ دۆکیۆمنتی تاکەکەسی
- ☐ بڕوانامەی تۆمارکردن
- ☐ بڕوانامەکانی قوتابخانە
- ☐ بڕوانامەکانی پەیوەست بە چاودێری تاکەکان

تکایە مەوعیدێک ڕێک بخە.

ئەگەر بۆت دەکرێ، تکایە کەسێکت لەگەڵ بێت کە متمانەت پێی
هەیە و بە زمانی ئەڵمانی قسەدەکات.



**کاتی ڕاوێژکاری:**

**راوێژکاری تەنیا پاش دیاریکردنی مەوعید ئەنجام دەدرێت**

دایک و باوکە ئازیزەکان، چاودێرەکان و سەرپەرشتە یاساییە ئازیزەکان،
منداڵان و هەرزەکارە خۆشەویستەکان،

لە نۆرد راین-وێستفالیا، هەموو منداڵ و هەرزەکارانی تەمەن 6 بۆ 18 ساڵ دەچنە قوتابخانە. ئەمە ماف و ئەرکی ئەوانە.


ناوندی یەکخستنەوەی شارەوانی لە Wesel، بۆ منداڵان و هەرزەکارانی تازە کۆچکردوو و دایک و باوکیان و ئەو کەسانەی چاودێر و سەرپەرشتی یاسایی ئەوان، دانیشتنی زانیاری و راوێژکاری لەنزیکەوە دەربارەی رۆیشتن بە قوتابخانە پێشکەش دەکات.

مامۆستا شارەزاکان دەربارەی ئەم بابەتانەی خوارەوە بە تاک و گونجاو لەگەڵ پێداویستی راوێژکاری پێشکەش دەکەن:

- سیستەمی خوێندن و قوتابخانە لە نۆرد راین-وێستفالیا
- قوتابخانەو دامەزراوە پەروەردەییەکانی قەزای Wesel
- ژیاننامەی پەروەردەیی و پلاندانانی پیشەی قوتابخانە
- ئامۆژگاری جۆری قوتابخانەی گونجاو
- پشکنینی هاتنەناوقوتابخانە
- پرۆسەی تۆمارکردن لە قوتابخانە
- بەرزکردنەوەی فەرمانی یان پەروەردە زمانی سەرەتا
- پشتراستکردنەوەی بڕوانامەی خوێندن
- ناساندن بە ناوەندەکانی تری راوێژکاری
- پۆرتاڵی ئۆنلاین بۆ فیربوونی زمانی ئەڵمانی
- پاکێجی راهێنان و بەشداریکردن (لەوانە بەرزکردنەوە زمانی ئەڵمانی تەواوکەر)
- یەکخستنەوەی کۆمەڵایەتی لە رێگەی چالاکییە کلتوری و وەرزشیەکانەوە
- گۆڕینی قوتابخانە لە ماوەی سێ ساڵی یەکەمی خوێندن لە قوتابخانەکانی ئەڵمانیا
- گواستنەوە بۆ فێرکردنی سەرەکی
- تەحەدا و پرسیار لە ژیانی رۆژانەی قوتابخانەدا

## پرۆسەی دانیشتنی ڕاوێژکاری

تکایە پەیوەندی بکە و مەوعیدێک ڕێک بخە بۆ ڕاوێژکردن:





0281 / 207 4242

تکایە لەگەڵ منداڵەکانت وەرە بۆ دانیشتنێکی ڕاوێژکاری و هەموو بەڵگەکان لەگەڵ خۆت بێنە (سەردانی لیستەی کۆنترۆڵ بکە):





ئەگەر بۆت دەکرێ، تکایە کەسێکت لەگەڵ بێت کە متمانەت پێی هەیە و بە زمانی ئەڵمانی قسە دەکات:






© wmiami - Fotolia.com

## ڕێکارەکان تاکوو کاتی تۆمارکردن لە قوتابخانە

بە مەبەستی پشکنینی هاتنەناو قوتابخانە منداڵەکانت ناویان تۆمار دەکرێت:




دایرەی تەندروستی پەیوەندیت پێوە دەکات و مەوعیدێکت بۆ دیاری دەکات:



ناوەندی یەکخستنەوە لە کۆمەڵگای ناوچەیی منداڵەکانت بە قوتابخانەیەک دەناسێنێت:




ناوەندی یەکخستنەوە لە کۆمەڵگادا تۆ و قوتابخانە ئاگاداردەکاتەوە لە کام قوتابخانە دەتوانیت ناوی منداڵەکەت تۆمار بکەیت.






بە هیوای خۆشی و سەرکەوتنی یەکجار زۆر لە قوتابخانە!

